

# هاوبەشیی ئافرەت لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بە زەروورەت دادەنرێت



لە زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوودا وەک نەریتێک باسی ئەوە دەکرێ کە ئافرەتان هیچ پێوەندییەکیان بە مەسەلە سیاسی و ئابووری و پرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە، بەڵکو تەنیا ئەرکیان بەخێوکردنی منداڵ و راگرتنی دڵی پیاوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئافرەت لە ئەستێرەیەکی دیکەوە هاتووەتە سەر زەوی؟ ئایا مافی هاووڵاتی بوونی ئافرەت زەوت دەکرێت؟ ئایا ئافرەتان بێ وڵاتن و تەنیا پیاو خاوەنی وڵاتە؟ بێگومان ئافرەت لە رابردووی کۆنەوە هەتا سەردەمی مۆدێرن و هەمیشە ئامانجەکانی دوور بووە لە کاولکاری و وێرانی و خەونەکانی لە سەر خشتی فەراهەمکردنی ئاشتی و رزگارکردنی مرۆڤایەتی بونیاد ناوە، لە ئێستاشدا ئافرەتان لە ئاستی جیهان و بە کوردستانیشەوە خوازیاری هاوبەشین لە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگەی خۆیان و هەوڵی گەیشتن بە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسیش دەدەن. ئافرەتانی کوردیش بە پێویستی دەزانن بنەماکانی دیموکراسییەت لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەش بە جددی پەیڕەو بکرێت و هەموو ئەو پیاوانەی لە دەسەڵاتن بە ئەقڵییەتی نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی کاربکەن و بڕوایان بەوە هەبێت کە ئافرەت هاوشان و هاوبەشی ئەوانن و داواکارن وەک چینێکی بێهێز سەیری ئافرەت نەکەن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە راوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

ئەگەرچی لە هەرێمی کوردستان بەشداریی ئافرەت لە کاری سیاسی و ئەندامەتییان لە ئاستەکانی باڵای حزبیدا گەشەی کردووە، تەنانەت بەشدارییان لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردندا پەرەی سەندووە و گۆڕانێکی نەوعی بەدی دەکرێت، بەڵام تا ئێستا وەك ئافرەتێکی سەرکردە باسیدەکات، هێشتا ئافرەتانی کورد لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی سیاسەتدا بەشدارییەکی ئەوتۆیان نییە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە هاوکێشە سیاسییەکان پاڵ بە هەرێمی کوردستانەوە دەنێت هەتا بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاوی خێراتر هەڵبگرێ، هاوکات دەوڵەتداری لە ئاستی جیهانیدا بەبێ بەشداریی ئافرەت روخسارێکی دیموکراسی و شیاوی نییە و ئەو سیستمە حوکمڕانییانەی ئافرەتان لە دروستکردنی سیاسەت بێبەش دەکەن، بەردەوام لەژێر پرسیار و رەخنەدان، بۆیە چاودێرانی سیاسی بە پێویستی دەزانن لە کوردستان زیاتر بنەماکانی دیموکراسی پەیڕەو بکرێ و رێگە بۆ ئافرەتانیش بکەنەوە بۆ ئەوەی پتر لە پرسە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەشدار بن.

هەر لەو بارەیەوە ئاواز حەمید ئەفەندی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: «گرنگە ئافرەت دەرخەری راستەقینەی ناخی خۆی بێت، نەك نمایش بکات، وەك سیاسی، یان هەر پیشەیەکی دیکە. بێگومان ئەوەی گرنگە توانای مرۆڤە، واتە لەو بوارەدا رەگەزی نێر، یان مێ بابەتێکی ئەوەندە گرنك نییە. گرنگ ئەوەیە هەریەکەو خۆی وەك خۆی پیشان بدات، نەك نمایشی شتێ بکات کە لە خۆی زیاتر یان کەمتر بێت. بەگشتی ئافرەت و پیاو دەبێت تەواوکەری یەکتر بن، بۆ ئەوەی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بێتەدی.» سەبارەت بە بەشداری بوونی ئافرەتیش لە سیاسەت و ناوەندە کارگێڕییەکاندا گوتی: «ئەو سەردەمە رۆیشت، کە ئافرەت تەنیا لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری بکەن، ئێستا ئافرەتان چالاکن و بەشداری کاریگەریان لە سیاسەت و ناوەندە کارگێڕییەکاندا هەیە. مادەم ئافرەت لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، پێویستە لە سیاسەتیش بەشداری هەبێت و بگرە پێویستە لە هەموو کایەکاندا بەشدار بێت. راستە ئێمەی کورد لە دۆخێکی نالەباردایین، بەڵام کورد توانیویەتی بیروبۆچوونی کۆمەڵگەی خۆی بەراورد بە وڵاتانی ناوچەکە بگۆڕێت و گەشە بکات و ئافرەت لە سیاسەتیشدا بەشدار بێت، هەروەها ئافرەتی کورد بەشداری لە سەنگەری بەرگریدا کردووە، بە درێژایی مێژوو لە ئەرکی خەباتد و شۆڕشەکاندا رۆڵی بەرچاوی هەبووە، تا ئێستاش لە پارستنی خاك و وڵاتەکەی بەرانبەر بە دڕندەترین هێزی تیرۆریستی بەشدارە، ئەو بەشدارییەشی بەجۆرێك بوێرانە بووە کە تەنانەت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەنگدانەوەی هەبووە. نەك لە ئێستادا، بەڵکو هەر لە زووەوە ئافرەتی کورد هاوشانی پیاو بووە لە شۆڕشەکاندا، لە کاری سیاسی و کارگێڕیشدا بەشداری و چالاکی هەبووە. (عادیلە خانم) نموونەیەکی بەرچاوی ئەو ئافرەتانەی کوردە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ساڵانی بیستەکاندا بۆتە قائیمقامی هەڵەبجە.»

ئەو پەرلەمانتارەی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە «ئافرەتی کورد سەلماندوویەتی کە دەتوانێ داستانی سەرکەوتن تۆمار بکات، چونکە لە جەنگیشدا بەشدار بووە و شانبەشانی پیاو پارێزگاری لە وڵات کردووە، تا ئێستاش ئەو وڵاتپارێزییەی ئافرەتی کورد بەردەوامە و بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە چەندین شەهیدی پێشمەرگەی ئافرەتمان هەیە کە دنیایان بەخۆیانەوە سەرسام کردووە.»

ئیبراهیم حاجی زەڵمی هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە کۆمەڵناسی هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ئەگەر بڕیارە کۆمەڵگە بریتی بێت لە کۆبوونەوەی مرۆڤەکان بە ئامانجی پێکەوەبوون و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و پێوەندیگرتنیان، ئیتر لەوێوە کۆمەڵگە دەبێتە سیستمێکی رێکخراو بۆ تاکەکانی و لەوێوە پرسە جۆربەجۆرە مرۆیی و کۆمەڵیبوون و سیستمەکانی وەك (سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مەعریفی و ...هتد) لێی دروست دەبن و تاك لێیەوە بەهرەمەند دەبێت، بۆ ژیانکردن تیایدا و بۆ پرسە مرۆیی و کۆمەڵییەکانی ئیلهامی لێ وەردەگرێت. گوتیشی: «ئەگەر کۆمەڵکە خۆی و پێوەندییەکان و پرسەکانی کرانە بابەت و شوێنگەی قسە و پرسیار، ئەوە کۆمەڵگە بەرەو پێشەوەچوون بە خۆیەوە دەبینێت، بەڵام ئەگەر کۆمەڵگەیەك ئەم نەریت و خوە نەگریسەی دووەمی هەبوو، ئەوە دەبێتە خۆرەی خۆی و لە ناعەدالەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی وپاشکەوتەیی و پاشکەوتوویيدا دەیگوزەرێنێت.»

ئەو کۆمەڵناسە رایوایە: «کاتێك هێز بووە بنەما بۆ زیاتر مرۆڤ بوون، ئیتر هەرچی نادادی و نایەکسانیە دەچێتە لاشەی کۆمەڵگەوە، ئەو کاتیش



**حەسەن ساڵح قەرەداخی:**

**ئەوە ژینگە و پرۆسەی پەروەردە و کەلتووری کۆمەڵگەیەکە کەئەقڵی ژنی فەرامۆش کردووە، لە کاتێکدا ژن دایکی پیاوە و هەر دەبێت لە پیاویش ئاقڵتر بێت**



**ئیبراهیم حاجی زەڵمی:**

**لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هێز کرایە پێوەر بۆ مرۆڤ بوون، بەدڵنیاییەوە بێهێزەکان، یان دەبێت خزمەتگوزار بن و هاووڵاتی پلەدوو، یان گومان لەسەر هاووڵاتیبوونیان دەخرێتەسەر و جێگەیەکیان نابێت**




ڕەگەز و پێکهاتەی جەستەیی مرۆڤ دابەش دەبێت و چینەکانی مرۆڤ بوون دادەتاشێ بۆ ( پیاو، ئافرەت، منداڵ، پیر گەنج، جوان، ناشیرین، مرۆڤی ساغ و ناکام و ...هتد، ئیتر خەسڵەتی مادی و ڕوخساری شوێنگەی ڕۆح و مرۆڤ بوون دەگرێتەوە، دەبێتە بنەمای مرۆڤ بوون و پێگەبەخشینی مرۆییانە بە تاکەکانی کۆمەڵگە، ئیتر لەوێوە پێگەش دەبێتە مۆرکی مرۆڤ بوون، نەك مرۆڤ ببێتە سەرچاوە بۆ پێگە و ڕۆڵ و هەموو شتەکانی تر. لەوێوە پێگەکان پیرۆزتر دەبن لەمرۆڤ، ئەو کاتیش بۆ پێگەکان مرۆڤەکان دەکرێنە قوربانی و پێوەندییە ماددییە پێگەییەکان شوێنگەی پێوەندییە مرۆییە ڕۆحییەکان دەگرێتەوە. لەوێوە بێهێزەکان بەرکەنار دەکرێن لە هەر پرسێکی پێگەیی، جا ئەو پێگانە سیاسی بن، یان ئابووری، یان کۆمەڵایەتی.

بۆیە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هێز کرایە پێوەر بۆ مرۆڤ بوون، بەدڵنیاییەوە بێهێزەکان یان دەبێت خزمەتگوزاربن و هاووڵاتی پلەدوو، یان گومان لەسەر هاووڵاتیبوونیان دەخرێتەسەر و جێگەیەکیان نابێت، بەم بنەمایەش ئافرەت و منداڵ و کەمئەندامەکان پلە دوو سێ و چواری کۆمەڵگەن. ئیتر لێرەوە قسەی بۆش و بەتاڵە باسی ڕۆڵی تاکێك (ئافرەت) بکەی، شوناسی مرۆڤبوونی پلە دوو بێت و پێگەیەکی پێ ڕەوا نەبیندرابێت لەسەر بنەمای مرۆڤ بوونی.»

حەسەن ساڵح قەرەداخی بەڕێوەبەری قوتابخانەی شەهیدانی قرگە، جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا «لە وڵاتانی دواکەوتوودا ژن وەك کاڵا و سامان و سەروەتێکی پیاوان سەیردەکرێت، هەر بۆیە سەیرکردنی پیاوان بۆ ژنان سەیرکردنێکی شکڵییانە و رووکەشییانە و جەستەییانەیە،» گوتیشی: «لە کۆمەڵگەی وادا ژن ئەو کاڵایەیە کە جوانیی لەش و لاری بەها و نرخەکەی دیاری دەکات، هەر بۆیە ژن لای پیاوان زیاتر بۆ چێژوەرگرتنە، نەك شەراکەت و هاوسەری و هاوفکری، بۆ نموونە: پیاوان دەتوانن لە ژنێك زیاتریان هەبێت، واتا وەك جۆرێك لە کاڵا و سامان، یان وەك خواردنێك پیاو دەتوانێت چێژی زیاتریان لێوەربگرێ، سەیرکردنی زەقی پیاوانیش لە بازاڕ و بۆنەکاندا بۆ ژنان، دەلالەتی ئەوەیە پیاو پارەی لەگیرفاندایە و هەرکات ژەمێکی خواردنی خۆشی بەرچاوکەوت، ئەوا بیر لە خواردنی دەکاتەوە، هەرواش سەیری ئافرەت دەکات. واتە پیاو لەم کۆمەڵگە داخراوانەدا ماڵ و ژنی پێکەوە گرێداوە، بە جۆرێك ئەگەرچی ژن ئێستا کاری دەرەوە و حکوومیش بکات، نابێت ئیش و کارە ژنایەتییەکانی ماڵەوەی بیربچێت، گوتیشی: گرفتەکە دید و تێڕوانینی عەقڵییەتی کۆمەڵگەیە بۆ مەکانەتی ژن، واتا ژن پێداویستییەکی پیاوە بۆ جنس و خزمەتکردنی پیاو و منداڵ خستنەوە، ئەم بۆچوونە هێندەی خایاندووە، ئێستا خودی ژنانیش هەمان ئەو کارەکتەرەن کە پیاوان بەدڵیانە، بەگشتی ئەوە ژینگە و پرۆسەی پەروەردە و کەلتووری کۆمەڵگەیەکە ئەقڵی ژنی فەرامۆش کردووە، لە کاتێکدا ژن دایکی پیاوە و هەر دەبێت ئاقڵتریش بێت.»

دلشاد نامیق ماستەری لە زانستە سیاسییەکان هەیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە تێڕوانینی کۆمەڵگە سەبارەت بە ئافرەت بە پێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بابەتی هاونیشتمانی بوونی ئافرەتیش تەنیا پەیوەست نییە بە بەشداری لە ئەرکە سیاسی و سەربازییە قورسەکاندا، بەڵکو بە شێوەیەکی ئۆرگانی پێوەندیدارە بە ڕادەی دەستەبەرکردن و گەرنتی کردنی مافەکانی ئافرەتان و گەرنتی کردنی مافیان لە رووی یاساییەوە، بەتایبەتی مافە یاسایی و سیاسییەکانی ئافرەتان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا سەرەڕای زەرووڕەتی گەرنتی کردنیان، پێویستی بە هەڵمەت و بەرنامەی چڕوپڕ هەیە بۆ هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان لە مومارەسەکردن و دەستبەردارنەبوون لەو مافانەی کە لەلایەن خودی خۆیانەوە بەشێوەیەکی دروست و زانستی و دادپەروەرانە گەڵاڵە کراون، لەهەمان کاتدا هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵیش زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئەو مافانە وەك ئیمتیاز تەماشا نەکات، بەڵکو وەك زەرووڕەت و مافێکی ساکاری ئافرەتان لێی بڕوانێت کە قابیلی پێشێلکردن نین.» گوتیشی: «مافی بەشداری سیاسی و وەرگرتنی پلە و پۆستە ئیدارییەکان و بەشداری لە شاند و بڕیارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی وڵات لە ڕیزی مافە سیاسییەکانی ژنانن، کە هەر پشتگوێ خستن و زەوتکردنێك مایەی نەنگییە و نیشانەی ناهاوسەنگی کۆمەڵگەیە لە رووی ژیارییەوە، لە دەرەنجامیشدا دەبێتە هۆی بە پلەدوو هەژمارکردنی ئافرەتان لە رووی هاووڵاتیبوونەوە، بێگومان چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەش بەشێکی گرنگی دەکەوێتە ئەستۆی ئافرەتان خۆیان کە لە ڕێی فشارەکانی خۆیانەوە، ڕێگەی لێ بگرن، هەروەها پێویستە ئافرەتانی کورد کەڵك لە هەر جۆرە چالاکییەك وەربگرن بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان، وەك چۆن لە نیشتمانپەروەری و وڵاتپارێزی خۆیان سەلماندووە و هاوشانی پیاوانن.»

سەبارەت بە پێگەی ئافرەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاواز حەمید ئەفەندی دەڵێت: «بەشێوەیەکی گشتی ئافرەت لەم ناوچەیەدا وەکو پێویست گرنگی پێ نادرێت، بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی کارگێڕی وڵات، ئەگەر ئازایانەش بەشداری بکات و گوێ بە بەرستەکانی نەدات، دەبێت قوربانی زۆر بدات، لە زۆر شتیش بێبەش دەبێت. لەو ناوچەیە ئافرەت بەهۆی کەلتووری نەریت و پیاوسالارییەوە ئازاری زۆر دەکێشێت، بەڵام لە ئێستا و لەم سەردەمەدا ناتوانرێ مافەکانی بشاردرێتەوە، ئافرەتیش بێ ئاگا نییە و لە گەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بە تەواوەتی بە مافە لە دەست چووەکانی ئاشنا بووە و چیدی نایەوێ مافەکانی زەوت و پێشێل بکرێ».



**ئاواز حەمیدە فەندی :**

**ئافرەت دەتوانێت شانبەشانی پیاو پارێزگاری لە وڵات بکات، بەڵگەش بۆ ئەمە چەندین شەهیدی پێشمەرگەی ئافرەتمان هەیە کە دنیایان بەخۆیانەوە سەرسام کردووە**



**دلشاد نامیق:**

**پێویستە ئافرەتانی کورد کەڵک لە هەر جۆرە چالاکییەک وەربگرن بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان، وەک چۆن لە نیشتمانپەروەری و وڵاتپارێزی خۆیان سەلماندووە و هاوشانی پیاوانن**



# خۆتێهەڵقورتاندن و دەستێوەردانی خزمان بەربەستەکانی هاوسەرگیری زیاد دەکەن



شالاو کوڕێکی تەمەن ٣٠ ساڵ و دەرچووی کۆلێژی یاسایە و ئێستا خەریکی کاری پارێزەرییە. ئەو نهێنییەکانی ژیانی خۆی و خۆشەویستەکەی و هۆکاری بە یەك نەگیشتنیان بەمجۆرە دەخاتەڕوو:

«کاتی دەرچوونم بوو لە زانکۆ، زۆر دڵخۆش بووم بەوەی خوێندنم بە سەرکەوتوویی تەواو دەکرد و بڕوانامەم وەردەگرت، لەکاتی ئاهەنگی دەرچوونەکەمدا لەگەڵ هاوڕێکانم هەڵدەپەڕیم. ئاهەنگەکە لە تەلەفزیۆن نیشان درا. زۆر لە هاوڕێیانم بە من سەرسام بوون، بەڵام من تەنیا بیرم لە خوێندن دەکردەوە و خۆم نەخستە داوی خۆشەویستییەوە، دوای وەرگرتنی بڕوانامە و سەرقاڵ بوونم بە کار و پیشەی خۆمەوە، کچێك بە ناوی شیرین لە فەیسبووکەکەم ئادی بۆم ناردبوو، بەوەی کە وێنەی ڕۆژی دەرچوونم لەسەر پڕۆفایلەکەم دانابوو، منی ناسیبووەوە، من ماوەیەك بوو وەرمنەگرتبوو، دوایی وەرمگرت و قسەم لەگەڵی کرد، وتم: تۆ چۆن من دەناسی کە ئادت بۆم ناردووە؟ وتی: من پوورم لە کۆلێژەکەی تۆ مامۆستایە، ڕۆژێك هاتمە لای ئەو، تۆم لەوێ بینی. نزیکەی سێ مانگ بوو قسەمان دەکرد، ئەو کچێکی تەمەن بچووك بوو، هەمیشە باسی ئەوەی دەکرد، کێشەیان هەیە لە ماڵەوە، باوکیشیان نەمابوو. زۆر باسی ئەوەی دەکرد کە خاڵەکەی بە توندی چاودێرییان دەکات، منیش هەمیشە ئامۆژگاریم دەکرد و هانم دەدا تەنیا بیر لە خوێندنەکەی بکاتەوە، بەڵام دوای ماوەیەك شیرین دەنگی نەما، منیش لە کۆمێنت بینیبووم خوشکێکی هەبوو، ناوی لینا بوو، نامەم بۆ نارد، وتم: تۆ خوشکی شیرینی؟ وتی: بەڵێ. وتم: شیرین بۆ دیار نییە، شتێکی بەسەرهاتووە؟ وتی: نا، ئەو باشە، بەڵام ئێستا خەریکی تاقیکردنەوەیە، بۆیە ناچێتە فەیسبووك. منیش سوپاسم کرد. شیرین گەرچی منداڵ بوو بە تەمەن، وەڵام زۆر ژیر بوو، هیچی لە دایکی خۆی نەدەشاردەوە، باسیم منیشی بۆ دایکی کردبوو، واتە دایکی ئاگاداربوو کە قسەی لەگەڵ من دەکرد. دایکیشی دەیزانی من وەك برا ئامۆژگاری شیرین دەکەم. ڕۆژێك شیرین نامەی بۆم نارد و لە نامەکەی نووسیبووی: ئەوە ژمارە تەلەفۆنی دایکمە و دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات، منیش قسەم لەگەڵ دایکی کرد و ئەو بەمنی وت: سوپاست دەکەم کە زۆر ئامۆژگاری شیرین دەکەی، تۆش وەك کوڕی خۆم وای. ئیدی دایکی شیرینم ناسی، زۆرجار قسەم لەگەڵی دەکرد، تەنانەت کە چوومە داوای کچێك، بۆم باس کرد، کە بۆچی لەسەر هەندێك شت ڕێکنەکەوتین، ئەویش هەر دوعای بۆم دەکرد کەوا ڕێکبکەوین، بەڵام لەگەڵ کچەکە لەیەکتر نەگەیشتین، منیش وازم هێنا. دوای ماوەیەك شیرین هەموو کات باسی ئەوەی دەکرد کە لینای خوشکی زۆر سەیری فەیسبووکی من دەکات و منی بەدڵە، ڕۆژێکیش دایکی شیرین تەلەفۆنی کرد و وتی: دەمەوێ هەندێ قسەت لەگەڵ بکەم. وتم: فەرموو. وتی: شالاو کوڕی خۆم تۆ دەتەوێ ژن بێنی؟ وتم بەڵێ، خۆت ئاگاداری، بەڵام دەمەوێ کەسێك بە دڵی خۆم بخوازم کە لەگەڵم بگونجێت. وتی: من کچی خۆمت دەدەمێ، بەڵام بە هەڵە تێمەگە، چونکە من کچی خۆم لێ بەلا نییە، بەڵام تۆ کوڕێکی باشی، حەزدەکەم کچەکەی خۆمت بدەمێ، وتم: نەڵێی شیرین، چونکە ئەو منداڵە و منیش وەك خوشکی خۆم قسەم لەگەڵ کردووە. وتی: نا، مەبەستم خوشکی گەورەیەتی کە ناوی لینایە. وتم: باشە با بیبینم. ڕەسمیان بۆ ناردم، کە بینیم بەدڵم بوو، بڕیارمدا وتم ڕازیم و دێمە داوای. ڕۆژی دواتر دایکی تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: قسە لەگەڵ لینا بکە. کەمێك قسەمان کرد، ئەو زۆر



**پرۆسەی هاوسەرگیری یەکێک لە بەها جوانەکانی مرۆڤایەتییە و هەر پێکهێنانی خێزانیشە کە ژیانی مرۆڤی بەردەوام کردووە، بەڵام زۆر جار لە کۆمەڵگەی نەریتیدا بە هۆکاری جیاواز کەند و کۆسپی گەورە لە بەردەم ئەو خواستە شەرعی و رەوایەدا دروست دەکرێ، بەتایبەتی دەستێوەردانی خزمان و دەوروبەر کە رەنگە هیچ بنەمایەکیشی نەبێت. کوڕێکیش کە خۆی بە قوربانیی ئەو دەستێوەردانە دەزانێت، بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە.**

ئا: شەهلا حەسەن

شەرمی دەکرد، هاتمە سەر بابەتەکە و مەرجەکانی خۆم باس کرد و ئەویش هەندێك شتی وت، هەردووکمان زۆر رازی بووین. وتم: چیت ئەوێ، بۆت دەکەم، زێڕ، خانووی سەربەخۆ، وتی: هیچم ناوێ گرنگ ئەوەیە تۆ کەسێکی باشی و خێزانێکی بەختەوەر پێکەوە دروست بکەین. قسەکانی زۆر بەدڵم بوون. دوای ماوەیەکی کورت کە بەردەوام قسەم لەگەڵی دەکرد، دایکم لێ ئاگادار کردەوە و ئەویش رازی بوو، تەلەفۆنی بۆ دایکی لینا کرد وتی: دێینە داوای کچت، لای مام و خاڵەکانی باسی ئەو بابەتە بکە، با ئەوانیش ئاگاداربن، ئەویش قسەی لەگەڵ کردبوون، وتبوویان باشە، با بێن، بەڵام دواتر خاڵی لینا کە ژمارەی باوکمی وەرگرتبوو، قسەی لەگەڵ کردبوو، وتبووی: من ڕازی نیم خوشکەزای خۆم بدەم بە کوڕەکەتان، باوکیشم وتبووی باشە، خۆ بە زۆر خزمایەتی ناکرێ. نازانم بۆچی خاڵی وایکرد، ئەو تەنیا لەبەر ئەوەی زانیبووی ئێمە یەکترمان خۆش دەوێ و پێوەندیمان هەیە، خۆی و عەشیرەتەکەی رکیان لێم هەڵگرت. ئێمە خۆشەویستییەکی زۆر پاکمان هەبوو، جگە لە تەلەفۆن هیچ پێوەندییەکمان نەبوو. دەبوو حورمەتی ئەو نییەت و دڵپاکییەی ئێمەیان بگرتایە، نەك بە عەشیرەتەوە لێمان ببن بە دوژمن. لێرەوە هەموو ئازارەکانمان دەستی پێکرد. تا ئێستاش نەمزانی بۆچی خاڵی رازی نەبوو، هەرۆژە و بیانوویەکی دەدۆزییەوە، ئاخری بە ئاشکرا دانی پێدا نا و گوتی: لەبەر ئەوەی پێوەندیی خۆشەویستیت لەگەڵ کچەکە دروست کردووە، بچیتە ئاسمان ناتدەمێ. هیچ شتێ نەما نەیکەم، تاوەکو رازی بێت، خۆم لە هەموو خزمەکانیان نزیك، تاوەکو خاڵی رازی بکەن، بەڵام بێسوود بوو، ئەو هەر رێگر بوو لە بەردەممان، منیش هەر وازم لە لینا نەهێنا، هەردووکمان بەهیوای ئەوە بووین خاڵی رازی ببێت، رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر یەکترمان خۆشدەویست، لەبەر ئەوەی من داوای لینام کردبوو، هەموو کچەکانی هاوڕێی لینام ناسی، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری بم، دواتر بوومە هاوڕێی براکەشی، ئەویش دەیزانی من بە نییەتی پاك خوشکەکەیم خۆشدەوێ و خوازبێنیشم کردووە، بەڵام خاڵی زۆر کەللەڕەق بوو، ئەویش هیچی لەدەست نەدەهات و نەیدەتوانی قسە لە قسەی خاڵی بکات.

من هیچ نەما بۆ لینای نەکەم، هەر شتێکی پێویست بووایە بۆم دەکڕی و دەمنارد، هەموو پێویستییەکی خوێندنەکەیم بۆی کڕیبوو. رۆژێك ئەڵقەیەکم بۆی کڕی، بەو هیوایە خۆم بیکەمە پەنجەی، بەڵام لینا نەیوێرا قبووڵی بکات نەیهێشت لەدەستی بکەم و تەنیا وتی: خاڵم دەمانکوژێت. هەموو کات دەیگوت خاڵەکانم لەگەڵمان خراپن، من زۆر بێتاقەت بووم، نەمدەزانی چیبکەم. دوای ساڵێك بە دایکی لینام وت: ئیدی بەسە، یان کچەکەتم بدەرێ، یان من کچێکی دیکە دەخوازم. لیناش لێم تووڕە بوو، گوتی: تۆ تەنیا بۆ ماوەی یەك ساڵیش بەرگەت نەگرت. لینا لە زانکۆ دەیخوێند، کچێکی عاقڵ بوو، نەدەبوو لەبەر یەك قسەی من ئەویش قسەی خاڵی بباتەسەر. هەرچی پێمگوت تەنیا لەبەر ئەوە وتوومە کچێکی دیکە دەخوازم، کە دایکت پەلە بکات و خاڵت رازی بکات، بەڵام لینا بڕوای پێنەکردم. رۆژ لە دوای رۆژ پێوەندیەکەمان ساردتر بوو، تا رۆژێك وتی: وازم لێبێنە، ئێمە بۆ یەکتر نابین. ئیدی هەموو ئەو دیارییانەی بۆم ناردبوو، تەنانەت ئەڵقەکەشی ناردەوە، هەموو شتێکی کۆتایی پێهێنا، هەموو هەوڵەکانم بۆ گەیشتن بەو بەفیڕۆچوون، تا هەتایە ناتوانم ئەو لەبیر بکەم. هەموو شتێك ئەوان دەستیان پێکرد و هەر خۆشیان پەشیمان بوونەوە و ژیانی منیشیان وێران کرد. هیوادارم کەس وەك منی بەسەر نەیەت.»